ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

دروستکردنی پەڕگەی EXE لەگەڵ Winzip.

نووسەر: @:

لەم وانەیەدا چۆنیەتی دروستکردنی پەڕگەیەکی کۆتایی هاتوو بە EXE شیدەکەمەوە.کە زۆربەی کات بۆ خاوەن ماڵپەڕ و پرۆگرامکەرەکان دەتوان بەکاری ببەن لە کارەکانیاندا.

بۆ نموونە، پەڕگەیەکمان هەیە کە چەندین فۆنتی تێدایە و دەمانەوێ لە باتی Copy و Paste دا بە یەکهەنگاو بیاننیرینە نێو بوخچەی فۆنتەکانەوە.

پرۆگرامی Winzip بکەوە.




ئەگەر وەک شێوەی سەرەوە کرایەوە، کرتە بکە سەر Winzip Classic بۆ کردنەوەی وینزیپ بە شێوەی کلاسیک، چونکە لەوێدا جیبەجێکردنی کارەکە ئاسانترە.




پاش ئەوەی کە Winzip ت کردەوە بە شێوەی کلاسیک. کرتە بکە سەر Open، لەم هەنگاوەدا من دەمەوێ هەندێک فۆنت لە نێو پەڕگەیەکی Zip ەوە بێنمە نێو وینزیپ و پا شان پەڕگەیەکی بە EXE کۆتایی هاتوو دروست بکەم. بۆیە پەڕگەکە دەکەمەوە.




پاشان دەگەڕێینەوە بۆ نێو پرۆگرامی Winzip،




کرتە بکە سەر Actions و پاشان Make .Exe File کرتە بکە.




لە نێو ئەو بۆشاییەی کە بە بازنە دیاریکراوە، ناوی ئەو بوخچە یان شوێنەی تێدا بنووسە کە کاتێک بەکارهێنەرێک کرتەی لێبکات فۆنتەکان بچنە ئەویوە. بوخچەی ئاسایی فۆنتەکان لە ویندۆز دا بوخچەی Fonts ـە لە نێو بوخچەی WINDOWS، وەک شێوەی سەرەوە. پاشان کرتە بکە سەر OK بۆ دروستکردنی پەڕگەکە بە فۆرماتی EXE.




پاش کۆتایی هاتن پەیامێکت بۆ دێت کە دەڵێت پەڕگەی EXE دروستکرا، ئایا دەتەوێ تاقیکەیتەوە ؟ کرتە بکە سەر Yes. پاشان دەبینی کە پەڕگە دروستکراوەکە چۆن کار دەکات کاتێک کەسێک کرتەی لێبکات.




کۆتایی.

---

Oct 2005 13

[Chin Up Snoring Remedy]
Provides support for the chin Promotes nasal breathing

[Tighten Sagging Skin]
30 Minute Face Lift! No Wrinkles Or Slack Skin. Retain Youthful Skin

Ads by Google